**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ٤٥**

**رۆژی بڕیار: ٢٠٠٤/٣/٤**

## " بـڕیـــار "

پشت بە حوکمی ماددەی(٤٤)لە یاسای ژمارە(١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)وماددەی (١٢)ی پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق و، لەسەر هەردوو داوای ژمارە (٨٤٢)ی رۆژی (٢٠٠٣/١٢/٣١)وژمارە (٢٠٧)ی رۆژی ٢٠٠٤/٢/١٤ی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانی، کە خۆی خاوەنی لیستی (سەوز)ی هەڵبژاردنە، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی رۆژی (٢٠٠٤/٣/٤)یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

**یەکەم :** قبوڵکردنی هەردوو پاڵێوراو بەڕێزان(عبدالله عمر بابکر)و(حسن عبدالکریم زمان برزنجی) بە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ــ عێراق.

**دووەم :** لەبەر ئەوەی ئەو دوو پاڵێوراوەی ئەو لیستی هەڵبژاردنەی سەرەوە، لەرۆژی(٢٠٠٤/٣/٤)دا سوێندی یاساییان خواردووە، لەبەر ئەوە ئەندامێتییەکەیان لە رۆژی(٢٠٠٤/٣/٤)ەوە لەکاردا دەبێت.

**سێیەم :** پێویستە سەرۆکایەتیی ئەنجومەن ئەم بڕیارە بخاتە بەرکار.

**چوارەم :** ئەم بڕیارە لە رۆژی ئیقرارکردنییەوە رێکەوتی (٣/٤/ ٢٠٠٤) ەوە دەخرێتە بەرکارو لە (وەقایعی کوردستان)دا بلاودەکرێتەوە.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**